www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 25-9-2007 14:07

تیرۆری فیکر ... هەڵگورد ئەحمەد عومەر

زۆر هەوڵمدا خۆم لەوە بپارێزم لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارەی نزیکەی ساڵێکە بە دەیان خولیاو هیواوە، بەدەیان ئومێد و ئارەزوەوە لەگەڵ کۆمەڵێك گەنج و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەڤانی خوێن گەرم، لەپێناو خزمەت بەرەوتی ڕۆشنبیری لە و دەڤەرەی لە هەموو ڕوبەکەوە پەراوێز خراوە و بۆ نیشاندانی ڕووی ڕاستەقینەی دەڤەرەکە بەدەسەلات قۆڵمان لێیهەماڵماڵی، ببێتە مینبەرێك بۆ کاری دوور لە پەیامی ڕۆژنامەگەری ڕاستەقینە و لادان لەو هێڵە گشتیانە و ستراتیژەی بۆکاری گۆڤارەکە دامانابوو. هەرچەندە دەمێکە لە هەوڵی پەکخستنی ئەو پڕۆژە ڕۆشنبیریە و دوورخستنەوەی قەڵەمەکانی دەڤەرەکە لە لاپەڕەکانی (زنار) ئاگادارکراومەوە، بە بیانووی ئەوەی کە سەرنوسەر و کارەکتەرە سەرەکیەکانی گۆڤارەکە (بە قەولی ئەوان) سەر بە ئایدۆلۆژیایەك و لایەنێکی فکری یاخود نزیك لەو لایەنەن (وەکو ئەوەی ئینتیمابوون بۆ ئەو فکرو ئایدۆلۆژیایە تاوان بێت) کە جودایە لە لایەنی فکریو ئایدۆلۆژی ئەوان. بێ ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو کەسە لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارەی بۆ بانگەشەی فکری و ئایدۆلۆژی خۆی بەکارهێنابێ، یاخود ئەو لایەنەش داوایەکی لەو شێوەی لەو کەسە کردبێت. هەر ئەم بێلایەنی و میهەنیەتەبوو، بوبە هۆکاری ناساندنی گۆڤارەکە و زۆربەی هەرە زۆری قەڵەمە جددی و لاوەکانیشی لەدەوری لاپەڕەکانی کۆکردەوەو لەماوەیەکی کورتدا و لەچەند ژمارەیەکی بەراییدا سنووری دەڤەرەکە بەزاندو بەشاهیدی چەندین نوسەرو ڕۆژنامەڤان و کەسایەتی پسپۆر و دیاری بواری ڕۆشنبیری بە یەکێك لە گۆڤارە سەرکەوتوەکان بژمێردرێ و تەنانەت زۆر جار فرە ڕەنگی و فرە فکریەکەی جێگای باس و تەقدیری زۆران بووە.

کارەساتە لەکاتێکدا ئیدعای دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵێك دروشمی بریقەدار وێردی سەر زمانمان بێت، کەچی لە ئاستی پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریدا ئەقڵ کڵۆڵ و بیر کورت دەرچین و غەریزەی ئایدۆلۆژیمان بەسەر هۆش و بیرکردنەوەماندا زاڵ بێت و لەبری دەستخۆشی و هاندان و پشتیوانی، بەربەست و لەمپەر و گرفت بۆ هەر پرۆژەیەکی ڕۆشنبیری دروست بکەین کە لە ژێر سێبەری خۆماندا نەبێت. لە هەمووی کارەساتتر ئەوەیە کە کەسە نزیکەکانی خۆمان بە بڕینی نان و برسی کردن بترسێنین ئەگەر لە هاوکاریکردنی (زنار) وازنەهێنن. ئیدی ئەگەر ئەمە تیرۆر نەبێت دەبێ چ بێت، تیرۆر تەنها تیرۆری جەستە نیە بەڵکو تیرۆری فکر زۆر کوشندەترە لە تیرۆری جەستە بەو پێیەی ئەو جۆە تیرۆرە کار بۆ بەرتەسککردنەوەی ڕۆڵی تاك و کۆنترۆڵکردنی بیر و هۆشی دەکات کە ئامانجەکەشی پەکخستنی پرۆسەی ڕۆشنبیری و مەعریفەیە لەو وڵاتەدا، ئەگەر لەخزمەتی ئەوان و ئایدۆلۆژیایەکەیاندا نەبوو. بەهەرحاڵ هەموو پرۆژەیەکی سەرکەوتوو د و ژمن و ناحەزی هەیە، هۆکاری سەرەکی تەمەن کورتی تەواوی پرۆژەکانی ئەم دەڤەرەش هەر ئەم هۆکارانەی سەرەوەن، دڵنیاشم لەوەی ئەمە دوا هەوڵ نابێت، هەروەك چۆن لەوەش دڵنیام کە ئەم هەوڵانەش لە خزمەت بە پەیڤ و کولتووری نەتەوەکەمان ساردمان ناکاتەوە و بگرە لەجاران بەگوڕتر و شێلگیرانەتر لەسەر ئەو نەهجە بێلایەنە بەردەوام دەبین کە هەر لەیەکەم ژمارەوە کردوومانە بە پەیڕەوو بەرنامەی کارکردنمان.

*سەنوسەری گۆڤاری زنار

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.